# نرخی نەوت و مەندیی (رکود) دیموکراسی

تۆماس فریدمان
ئەحمەد بەهرام لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە



نوکه جیهان به دوو مەندییدا دەڕوات، ئەوەی یەکەمیان گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت و لەژێر رۆشنایی رووناکی راگەیاندنەکانە، که مەندیی ئابووری ئەمەریکایە، بەجۆرێک لە کۆتایی به سەلامەتی تەواو دەبێت و جیهان وەکو پێشتر خراپتر نابێت.

لێ ئەو مەندییەی که بێ ئاگای هەمووان رەوکە دەکات، مەندیی دیموکراسییە، گەر ئەو مەندییە نەوەستێت، جیهان لەسەر ئاستێکی فراوان دادەتەکێت. راستییەکەی یەکەم کەسیش که ئەو تەعبیرەی داهێنا بێت، مامۆستای زانکۆی «ستانفۆرد» بەڕێز «لاری دایمۆند» بووە، لە کتێبە تازەکەی «رۆحی دیموکراتییەت» که جیاوازییەکی وای لەگەڵ داتا و ئامارە ژمارەییەکان نەبوو، بۆ نموونە: لە کۆتایی ساڵی رابوردوو، دەزگای «فریدم هاوس» که چاوەدێری ئاڕاستەکانی دیموکراسیی و رێکخستنەکانی هەڵبژاردنی دنیا دەکات، ئاماژەی بەوە کردووە، که ساڵی ٢٠٠٧ خراپترین ساڵ بووە، لە رووی دیموکراتییەوە. هەروەها باسی لەوش کردووە، که لەدوای کۆتایی جەنگی ساردەوە، ئەو دەوڵەتانەی که پاشەکشەیان لە دیموکراتییەت کردووە، دووبەرابەر بووە و گەیشتۆتە ٣٨ وڵات، بەبەراورد لەگەڵ ١٠ وڵات که ئاستی دیموکراسیی تێدا گەشەی سەندووە.

کەواتە، کێ شرۆڤەی ئەو کودەتایە دەکات، لەسەر دیموکراسی؟ بەشێکی گەورەی بەرپرسیارییەت دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتدارییەی بەهۆی بەرزی نرخی نەوتەوە، دروستبووە. پێشتریش زۆرجار ئاماژەم بەوە داوە، که نرخی نەوت و دیموکراسیی پەیوەندییەکی پێچەوانەیان لە نێوان هەیە، که ناوم لێ ناوە « یاسای یەکەمی سیاسەتی پەترۆڵ»، ئاخر هەر کاتێک نرخی نەوت بەرز بێتەوە، بازنەی ئازادی و ئاڕاستەکانی کەم دەبێتەوە. هەرچەندیش نرخی نەوت نزم بێتەوە، سیگناڵی ئازادی بەرز دەبێتەوە.

«دایمۆند» لە کتێبەکەی ئاماە بەوە دەکات، که لە دنیا ٢٣ وڵات هەیە که نەوت و گاز، ٦٣٪ ی هەناردەکانیان پێکدێنێت. یەک دەوڵەت لەوانە دیموکراسی نین، که «روسیا و فەنزەوێلا و نێجیریا و ئێران نموونەی زەقی ئەو وڵاتانەن». بەڵام که نەوت هۆکارێکی بنچینەیی شەپۆلی دیموکراسییە لە جیهان، بەڵام تەنها هۆکار نییە، پاشەکشەی دەسەڵاترۆیی ئەمەریکا و دەسەڵاتە ئەخلاقییەکەشی، یەکێکن لە هۆکارەکان.

ئیدارەی بۆش نوچدانی (فشل) بەخۆیەوە بینی لە بنیاتنانی دیموکراسیی لە عێراق، جا ئەوەیان بەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە بێت، یا لەلایەن ئێراقییەکان خۆیان، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو رادەیەی ئەمەریکا توانا و ئارەزووی نییە بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت لە جیهان. هەروەها ئەو سکاندالە ئازارەی که لە گرتووخانەکانی «گوانتانامۆ» هەیە بەشێک بوون لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەمەریکا بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە جیهان. ئەوەشیان «دایمۆند» لە کتێبەکەی ئاماژەی پێداوە، که دەڵێت « ئەمەریکا لەو ساڵانەی دوایی زۆر لە هێزە نەرم و پتەوەی خۆی لەدەستدا».

کەواتە پێویستە لەسەرمان، ئەڵتەرناتیڤێکی تری جگە لە نەوت بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاترۆیی ئەو رژێمە سیاسییانە کەم بکرێتەوە، که بەهۆی قازانج دەکەن.

*** لە نیۆیۆرک تایمزەوە**